


ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

## بەشی یەکەم

خوێنەری هێژا لە ١٦ مانگی ڕابردوو دا کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی خەڵکی سوورییە دژی زوڵم زۆری و ڕیژیمی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەد، زۆر بویرانە و ئازایان هاتوونە سەر شەقام و بە دروشمی شۆڕشگێرانە بۆ چاکسازی و ئازادی یە دێموکراتی یەکان لەخۆبردوویی زۆریان لە خۆ نیشان داوە، سەرەرای ئەو هەموو کوشتارەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی سوورییە، وردە وردە ئاکامی ئەو خەباتە ڕیژیمی دیکتاتۆری ئەسەد لە رووخان نیزیک دەبێتەوە. بە هیوای سەرکەوتنی داخوازە رەواکانی کۆمەلانی خەڵکی سوورییە و نەمانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست.

### مانگی مارچی ٢٠١١

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١٥ی مارچی ٢٠١١ | لەم رۆژە دا ٤٠ کەس لە گەرەکی کۆنی شاری دیمشق لە دەوری یەک کۆبوونەوە و دروشمی سیاسیان دان، ئەو یەکەم نارەزایەتی گشتیی لە دژی حیزبی دەسەڵاتداری بەعسی سوورییە بوو. |
| ٢ | ١٨ی مارچی ٢٠١١ | سێ رۆژ دوای یەکەم نارەزایەتی گشتیی لە دیمشق هێزە ئەمنیەتییەکانی سوورییە هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی نارازیان لە شاری دەرعا لە باشووری ئەو وڵاتە ٣ کەس لە خۆپیشاندەرانی نارازی کوشت. |
| ٣ | ٢٠ مارچی ٢٠١١ | هێزە ئەمنیەتییەکانی سوورییە لەترسی سەرهەڵدانی جەماوەری پەلاماری خەڵک شاری دەرعایان دا کەخەریکی ناشتنی قوربانییەکانی دەستی توندوتیژی هێزە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی چەند رۆژ لەوە پێشی هێزەکانی سوورییە بوون، بە گازی فرمێسکرێژ پەلاماری رێورەسمی بەخاکسپاردنەکەیان داو بڵاوەیان بە خەڵکەکە کرد. |
| ٤ | ٢٤ ی مارچی ٢٠١١ | بە پێی زانیارییەکان سەدان کەس لە خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەر شاری دەرعا لە مزگەوتی یەکێک لە گەرەکە کۆنەکانی ئەو شارە کۆبوونەتەوە کە سەرەڕای ئەوەی چەندین سەعات بوو کە لەلایەن پۆلیسەوە گەمارۆ درابوون لەئاکامدا پۆلیس پەلاماری خۆپیشاندەرانی داوە، کە بەپێی زانیاری زۆرێک لە ناوەندە هەواڵدەرییەکان زیاتر لە ١٠ کەس لەم پەلامارەی پۆلیسی سوورییەدا کوژراون. |
| ٥ | ٢٥ ی مارچی ٢٠١١ | راگەیەنەکان بڵاویان کردۆتەوە کە، هێزەکانی بەسیج و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی یارمەتیدانی هێزەکانی سوورییە بۆ سەرکوتی خەڵک رەوانەی ئەو وڵاتە کراون. |
| ٦ | ٢٦ ی مارچی ٢٠١١ | بە پێی راپۆرتی هەواڵدەرییەکان رۆژی هەینی دوابەدوای بەرێوەچوونی نوێژی هەینی، خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە دەیان شار و شارۆچکەی ئەو وڵاتە سەری هەڵ داوە. بە پێی هەواڵەکان خۆپیشاندانێکی دەیان هەزار کەسی لە دیمشق، پایتەختی سوورییە بەرێوە چووە. |
| ٧ | ٢٧ ی مارچی ٢٠١١ | لە ئاکامی ئەو نارەزایەتییە جەماوەریانەی کە لەسوورییە دا سەری هەڵداوە، دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە بۆ دامرکاندنەوەی تورەیی خۆپیشاندەران، ٢٦٠ بەندکراوی سیاسیی ئەو وڵاتەی ئازاد کردوە. |
| ٨ | ٣١ ی مارچی ٢٠١١ | دوو حەوتە پاش دەسپێکردنی نارەزایەتیەکان لە سووریە، کە دەیان کەس تێدا کوژران، بەشار ئەسەد سەرکۆماری ئەو وڵاتە لە یەکەم لێدواندا ئەو ئاڵۆزییانەی بە پیلانی بێگانەکان ناوبردو رایگەیاند کە بێگانەکان دەیانهەوێ سوورییە لێک هەڵ وەشێنن. |

### مانگی ئاوریلی ٢٠١١ ئیپریلی

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | ٤ ی ئاوریلی ٢٠١١ | رۆژی یەکشەممە، ١٣ ی خاکەلێوە کوردستانیانی دەرەوەی وڵات لە شاری لەندەن بە کۆبوونەوەو وەرێخستنی خۆپیشاندان لە بەردەرکی باڵوێزخانەی سووریە لە بریتانیا بێزاری و دژایەتیی خۆیان لە دژی سیاسەتی سەرکوت و کوشتن و گرتنی کوردان لە سوورییە نیشان دا. |
| ١٠ | ٦ ی ئاوریلی ٢٠١١ | دکتۆر عەبدول حەکیم بەشار، سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سوریە بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێری راگەیاندوە کە ئێمە وەک بزووتنەوەی سیاسی کورد لە کوردستانی سوورییە بەشدار نەبووین لەو کۆبۆنەوەیەی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی حکومەتی سوورییە بۆ بەشار ئەسەد رێک خرابوو. |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | ٦ ی ئاوریلی ٢٠١١ | به پێی راگەیەندراوی فدراسیۆنی نێودەوڵەوتیی مافی مرۆڤ له ماوەی نیزیک به مانگێک و له ئاکامی تێکهەڵچوون و نائارامییەکانی وڵاتی سووریيه لانیکەم ١٢٣ کەس کوژراون. |
| ١٢ | ٨ ی ئاوریلی ٢٠١١ | دوای ئەو سەرهەڵدانه جەماوەریانەی وڵاتانی عەرەبی که وڵاتی سووریەشی گرتۆتەوه و لەچوارچێوەی ئەو بەڵێنیانەی حکومەتی سووریيه بۆ چاکسازیی به خەلکی سووریيەو یەک لەوان کوردەکان دراوه، وابڕیاره ئەو کوردانەی ناسنامەی ئەو وڵاتەیان نیه ناسنامەیان پێ بدرێ |
| ١٣ | ١٢ ی ئاوریلی ٢٠١١ | خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان له شاری بانیاس، ئەو خۆپیشاندانه بەهۆی پەلاماری چەکداری هیزه سەرکوتگەرەکانی حکومەتی بەعسی سووریيەوه زیاتر له ٣٠ کەس کوژراون و بریندداری لێکەوتەوه. |
| ١٤ | ١٣ ی ئاوریلی ٢٠١١ | رێکخراوی مافی مرۆڤی سووریيه رۆژی سێشەممه رایگەیاند که ژمارەی کوژراوەکانی نارزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانەی سووریيه تا ئێستا ٢٠٠ کەس بووه. |
| ١٥ | ١٤ ی ئاوریلی ٢٠١١ | رۆژنامەی " واڵ ستریت جۆرناڵ" به پێی قسەی بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئامریکا نوسیوویەتی که کۆماری ئیسلامی کەرەسه و ئامێری سەرکوتکردنی بۆ کۆنترۆڵی خەڵک و فیلتێر کردنی ماڵپەڕەکان و پچڕانی پێوەندیی تەلیفۆنی له خزمەت سووریيه داناوه و لەو کارەش بەردەوامه. |
| ١٦ | ١٥ ی ئاوریلی ٢٠١١ | به پێی راپۆرتی هەواڵدەریی فەرانسه، مارک تونێر، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا رایگەیاندوه که به پێی زانیاریی وردی ئامریکا کۆماری ئیسلامی پشتیوانی و یارمەتیی دەوڵەتی سووریيەی بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەرانی نارازی به دەسەڵاتی بەشار ئەسەد کردوه. |
| ١٧ | ١٦ ی ئاوریلی ٢٠١١ | له درێژەی سەرهەڵدانه جەماوەرییەکاندا له وڵاتی سووریيه،خۆپیشاندانەکانی سووریيه کۆمەڵه شارێکی دیکەشی گرتۆتەوه |
| ١٨ | ١٧ ی ئاوریلی ٢٠١١ | بەشار ئەسەد سەرکۆماری سووریيه له دووهەمین وتاردانی خۆی دوای دەسپێکردنی نارەزایەتیەکان لەو وڵاته، وێرای دەربڕینی داخی خۆی له کوژرانی کۆمەڵێک له خۆپیشاندەران به دەستی هێزه ئەمنیەتیەکان، رایگەیاند که یاسای حاڵەتی نائاسایی له حەوتووی داهاتووه له سووریيه هەڵ دەوەشێتەوه. |
| ١٩ | ١٨ ی ئاوریلی ٢٠١١ | به پێی راگەیاندراوی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی سووریيه که لەو وڵاته دەزگای" موخابرات" یان پێ دەڵێن، چالاکانی سیاسی، پارەێزەرە و رۆژنامەنووسەکانیان قۆڵبەست و به توندی ئەشکەنجه کردوه. |
| ٢٠ | ٢١ ی ئاوریلی ٢٠١١ | چاودێرێکی سیاسەتی نێودەوڵەتی رایگەیاندوه که به پێی تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی سووریيه، هاوسەنگیی نێوان هێزه سیاسییەکان و پێوەندیی ئەم وڵاته لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەگەری رووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد له ئارا دایه. |
| ٢١ | ٢٢ ی ئاوریلی ٢٠١١ | ئەمرۆ هەینی به دەیان هەزار کەس له شارەکانی دیمەشق و دەرعا و حەمس و بانیاس و قامشلی و سلمیه و کسوه دوای نوێژی هەینی رژاونەته سەر شەقام و دەستیان به خۆپیشاندان کردووه و داوای ئازادی و روخانی رێژیمی بەعسی سوریيەیان کردوه. زیاتر له ۴٠ کوژراو و دەیان بریندداری لێ کەوتەوه. |
| ٢٢ | ٢٣ ی ئاوریلی ٢٠١١ | رێکخراوەکانی رێکخەری خۆپیشاندانەکانی دژی دەسەڵاتی بەعسی سووریيه رایان گەیاندوه که ژمارەی کوژراوەکانی رۆژی هەینیی گەوره له شارەکانی سوریيه لانیکەم ١١٢ کەس بووه و به دەیان کەسی دیکەش برینددار بوون. |
| ٢٣ | ٢٥ ی ئاوریلی ٢٠١١ | هێزه ئەمنیەتییەکانی سووریيه له درێژەی رەوتی گرتنی چالاکانی مەدەنیی ئەو وڵاتەدا پۆلێکی دیکه له چالاکانی مافی مرۆڤیان قۆڵبەست کردوه. |
| ٢۴ | ٢٥ ی ئاوریلی ٢٠١١ | باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئامریکا، سەرەڕای مەحکوم کردنی سەرکوت کردنی خۆپێشاندەران لەلایەن هێزەکانی ئەمنیی سوریيه، حکومەتی ئێرانی به یارمەتی دانی سووریيه له سەرکوت کردنی نارازیان تاوانبار کردوه. |
| ٢٥ | ٢٧ ی ئاوریلی ٢٠١١ | هاوکات له گەڵ پەرەسەندنی رەخنه نێودەوڵەتیەکان له دەوڵەتی سووریيه، بەشێکی زۆر له وڵاتانی ئورووپایی سەرکوتی خوێناویی نارازیانیان لەو وڵاته مەحکووم کرد و دەوڵەتی تورکیەش رایگەیاند که نوێنەری تایبەتی بۆ سووریيه دەنێرێ. |
| ٢۶ | ٢٧ ی ئاوریلی ٢٠١١ | سۆزان رایس باڵوێزی ئەمریکا له رێکخراوی نەتەوه یەکگرتوەکان کۆماری ئیسلامیی بەوه تاوانبار کردەوه که چالاکانه له سەرکوتی خەڵکی نارازیی سووریيەدا دەستی هەیه. |
| ٢٧ | ٢٩ ی ئاوریلی ٢٠١١ | له درێژەی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سووریيه دژی دەسەڵاتدارەتیی بەشار ئەسەد لانیکەم ١۶ کەسی دیکه له خۆپیشاندەران کوژراون. |
| ٢٨ | ٣٠ ی ئاوریلی ٢٠١١ | شوورای مافی مرۆڤی نەتەوه یەکگرتووەکان دەوڵەتی سووریيەی به هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی له دژی خۆپیشاندەرانی ئەو وڵاتەی مەحکوم کرد و داوای دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی لەو کەسانه کرد که بڕیاری ئەو توند و تیژی و کوشتن و تەقه کردن له خەڵکیان داوه. |
| ٢٩ | ٣٠ ی ئاوریلی ٢٠١١ | دەوڵەتی باراک ئوباما سپای قودسی ئێران و سێ بەرپرسی پایەبەرزی سووریەیی له بەر دەست تێداهەبوونیان له سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەڵکی سووریيه خستە لیستی رەشی گەمارۆکانی ئەو وڵاتەوه. |

## مانگی مای ٢٠١١

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠ | ٢ی مای ٢٠١١ | به پێی گێرانەوەی شایەتحاڵەکان بۆ هەواڵنێری فەڕانسه هێزەکانی بەشار ئەسەد له سەربانەکان و به تایبەت لەسەربانی مزگەوتی عومری تەقەیان له خەڵکی شاری درعای کردوه و له ئاکامدا ۵ کەسی دیکەشیان له خەڵکی ئەو شاره کوشتوه. |
| ٣١ | ٣ی مای ٢٠١١ | وتەبێژێکی هێزه ئەمنیەتییەکانی حکومەتی بەعسی سووریيه ئاشکرای کردوه که پاش گەڕان و پشکنینێکی ماڵ به ماڵی شاری دەرعا، ١٠ کەسیان کوشتوه و زیاتر له ٥٠٠ کەسیشیان دەستبەسەر کردوه. |
| ٣٢ | ٣ی مای ٢٠١١ | ئالێن ژوپه، وەزیری دەرەوەی فەڕانسه، رۆژی دووشەممە، ١٢ ی بانەمەر رایگەیاند که ئەگەر بەشار ئەسەد درێژه به رەوتی سەرکوتی نارازییان بدا، حکوومەتەکەی ئەویش تێک دەرووخێ. |
| ٣٣ | ۴ی مای ٢٠١١ | له درێژەی رەوتی سەرکوتی خۆپیشاندەرانی خەڵکی سووریيه به بڕیاری بەشار ئەسەد هێزەکانی سپا به تانک و زرێپۆشەوه رژاونەته سەر شەقامی هێندێک له شارەکانی سووریيه و ژمارەیەکی یەکجار زۆر له خەڵکی شاری "دەرعا"یان قۆڵبەست کردوه و هێڵی پیوەندی گرتن و تەلیفوونیان له خەڵکەکه بڕیوه. |
| ٣۴ | ۵ی مای ٢٠١١ | ئەلعەرەبییه بڵاوی کردۆتەوه که بەرپرسێکی بزووتنەوەی سەدر پشتڕاستی کردۆتەوه که، خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی دەستێکی باڵای له سەرکوتی خەڵکی خۆپیشاندەر له سووریيه هەبووه. |
| ٣۵ | ٨ی مای ٢٠١١ | له درێژەی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سووریيه لانیکەم ٣۵ کەسی دیکەش له چەند رۆژی رابردوودا به دەستی هێزه ئەمنیەتییەکانی دەوڵەتی بەشار ئەسەدەوه کوژروان. |
| ٣۶ | ١٠ی مای ٢٠١١ | دوابەدوای پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکان و تەشەنەی سەرهەڵدان بۆ زۆربەی هەره زۆری شارەکانی سووریيه، رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران له ترسی ڕوخانی تاکه پشتێوانی له ناوچەکه دا، به شیوەیەکی زۆر بەربڵاو هاوکاریی رێژیمی بەعسی سوریه بۆ سەرکوتی ئەو خۆپیشاندانانه دەکا. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | ١١ی مای ٢٠١١ | چالاكانی مافی مرۆڤی ئاگادار له رووداوەكانی شاری عامودا باسیان لەوە كردوە كە لەگەڵ تەشەنەكردنی خۆپێشاندانەكان لە ناوچە كورنشینەكان و شارەكانی دیكەی سوورییە، هێزە ئەمنیەتییەكانی ئەو وڵاتە لەماوەی چەند رۆژی رابردوو لە ناوچە كوردنشینەكان هەڵمەتێكی رەشبگیری چالاكانی كوردیان دەست پێ كردوە و لەو ماوەیەدا دەیان كەسیان دەستبەسەر كردوە. |
| ٣٨ | ١٢ی مای ٢٠١١ | رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بە بڵاوكردنەوەی راپۆرتێك ئاشكرای كردوە كە كۆماری ئیسلامیی ئێران چەكۆچۆڵ بۆ حكومەتی سوورییە دەنێرێ، |
| ٣٩ | ١٣ی مای ٢٠١١ | معەزا نەجیب سەلوم"، پارێزگاری پارێزگای حەسەكە لە كوردستانی سورییە بە بڕیارێك هەموو بەرێوەبەرایەتی و ئیدارەكانی پارێزگاكەی راسپاردوە كە ناو و نیشانی ئەو كارمەندانەیان بۆ بنێرن كە بەشدارییان لە خۆپیشاندانەكاندا كردوە تا بەرەوڕووی سزایان بكاتەوە. |
| ٤٠ | ١٣ی مای ٢٠١١ | هێلاری كلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریكا لە كاردانەوەیەكی دیكەدا بە توندوتیژییەكانی حكومەتی سوورییە رایگەیاندوە كە ئەوەی سوورییە بەرامبەر بە خۆپێشاندەران دەیكا، نیشانەی بێ هێزی و دەستەوەستانیی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەیە. |
| ٤١ | ١٤ی مای ٢٠١١ | رۆژنامەی " واڵ ستریت جۆرناڵ" بە پێی قسەی بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئامریكا نوسیوویەتی كە كۆماری ئیسلامی كەرەسە و ئامێری سەركوتكردنی بۆ كۆنترۆڵی خەڵك و فیلتێر كردنی ماڵپەڕەكان و پچڕانی پێوەندیی تەلیفۆنی لە خزمەت سووریە داناوە و لەو كارەش بەردەوامە. |
| ٤٢ | ١٤ی مای ٢٠١١ | ئەمریكا جیا لەوەی سەركوتی خۆپیشاندەرانی سوورییەی بە توندی مەحكووم كردوە، نیگەرانیی خۆشیان لەوە دەربڕیوە كە دەوڵەتی سوورییە سەبارەت بەو هەواڵانەی باس لە رێگرییەكانی دەوڵەتی سوورییە دەكەن بۆ چارەسەركرانی بریندارەكانی ئەو تێكهەڵچوونانەی لەو وڵاتە روو دەدەن. |
| ٤٣ | ١٦ی مای ٢٠١١ | دوای ئەوەی كە زۆرێك لە هیزە كوردییەكانی بەرهەڵستكاری سوریە داوایان لە بەشار ئەسەد كردبوو كە كۆتایی بە رەوتی سەركوت و كوشتنی خۆپیشاندەران بێنێ، زانیارییەكان باس لەوە دەكەن كە ئەمریكا لە هەوڵ دایە بەهێنانە بەرباسی پەروەندە ناوكی فشارەكان بۆسەر حكومەتەكەی بەشار ئەسەد زیاتر بكا. |
| ٤٤ | ١٧ی مای ٢٠١١ | ئاژانسی هەواڵی فڕانس پرێس و بەشی فارسی ماڵپەڕی ئەلعەرەبیە بڵاویان كردەوە كە رۆژی دووشەممە خەڵكی شاری دەرعای سوورییە گۆڕێكی بە كۆمەڵیان دۆزیوەتەوە كە بە دەیان تەرمی لاوانی ئەو شارەی تێدا شاردرابۆوە. |
| ٤٥ | ١٧ی مای ٢٠١١ | حیزبی بزوتنەوە نشتیمانیە كوردییەكان لە سوورییە رۆژی یەكشەممە، ٢٥ ی بانەمەڕ لە كۆبوونەوەیەكی جەماوەریدا و بەئامادەبوونی سكرتێر و سەركردایەتیی حیزبەكان وچەند كەسایەتیەكی نشتیمانی و نوێنەری هێزە سیاسییەكانی عەرەبی و ئاشوری لە شاری قامیشلۆ دەسپیشەرییەكیان بۆ دەرچوون لە قەیرانەكانی ئێستای سوریە راگەیاند. |
| ٤٦ | ١٨ی مای ٢٠١١ | بەمەبەستی پێشگرتن لە رەوتی سەركوتی خەڵك لە لایەن رێژیمی سوورییەوە، هەوڵەكان خراونەتە گەر بۆ ئەوەی كێشەی سوورییە لە شۆرای ئەمنیەتی نەتەوەیەكگرتووەكاندا تاوتوێ بكرێ. |
| ٤٧ | ١٩ی مای ٢٠١١ | هەواڵدەریی فەرانسە لە زمان بەرپرسێكی ئەمریكاییەوە رایگەیاندوە كە دەوڵەتی ئەمریكا بڕیاری داوە بەشار ئەسەد، سەركۆماری سوورییە و دوو كەس لە فەرماندەرانی سپای پاسدارانی ئێران بە هۆی دەست تێدا هەبوونیان لە سەركوتی خوێناوی خەڵكی ناڕازیی سوورییە سزا بدا. |
| ٤٨ | ٢١ی مای ٢٠١١ | لە هەینی یەكی دیكە دا لە درێژەی خۆپیشاندانی خەڵكی سوورییە بۆ جارێكی دیكە لەچەند شارێكی ئەو وڵاتە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەكان سەریان هەڵ دایەوە. |
| ٤٩ | ٢٢ی مای ٢٠١١ | بەردەوامی سەركوتی خۆپیشاندەران لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەكانی رێژیمی سوورییەوە، خەڵكێكی زۆری ئەو وڵاتەی ئاوارە كردوە. |
| ٥٠ | ٢٤ی مای ٢٠١١ | بە پێی ئەو رێكەوتنەی كە دووشەممە ٢ ی جۆزەردان لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی یەكیەتی ئورووپا هاتە ئاراوە بەشار ئەسەد و ٩ بەرپرسی پایەبەرزی دیكەی سوورییەیی دەكەونە لیستی ئەو كەسانەوە كە لە لایەن یەكیەتی ئورووپاوە گەمارۆیان خراوەتە سەر. |
| ٥١ | ٢٥ی مای ٢٠١١ | عەلی بەكیر چاودێری سیاسیی كاروباری رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی لبنان رایگەیاند، رووخانی رێژیمی سوورییە دەبێتە هۆی لاوازیی پێگەی ئێران لە ناوچە و گۆڕانكاری لە دۆخی وڵاتانی لبنان، سوورییە و عێراق روو دەدات. |
| ٥٢ | ٢٦ی مای ٢٠١١ | چوار وڵاتی سەرەكیی یەكیەتیی ئورووپا بە ئامادە كردنی گەڵاڵەیەكی پێشنیاری داوایان لە ئەندامانی دیكەی یەكیەتیی ئورووپا كردوە كە سەركوتە خوێناوییەكانی سوورییە مەحكووم و پشتیوانیی خۆیان لە خەڵكی ئەو وڵاتە دەرببڕن. |
| ٥٣ | ٢٧ی مای ٢٠١١ | بەرهەڵستكارانی سووریە رایان گەیاندوە كە ئیدارەی باراك ئۆباما، سەرۆك كۆماری ئامریكا بۆ گۆڕینی رێژیمی سیاسی لە سوورییە جیدی نیە و بەهۆی كوژرانی خەڵكی بێتاوان و مەدەنی لەوانەیە شەڕی نیوخۆیی لەو وڵاتە هەڵ بگیرسێ. |
| ٥٤ | ٢٨ی مای ٢٠١١ | لە درێژەی خۆپیشاندانەكانی لە وڵاتی سوورییە، دوێنی هەینی (بە هەینی پارێزەرانی وڵات) ناسێنرا لە زۆربەی شارەكانی ئەو وڵاتە خۆپیشاندان رێكخراو، لە ئاكامی ئەم نارەزایەتیان ٣ كەسیش كوژران. |
| ٥٥ | ٣٠ی مای ٢٠١١ | بە پێی راپۆرتی هەواڵدەرییەكانی سوورییە ئەمڕۆ دووشەمە، ٩ی جۆزەردان تانكەكانی سپای سوریە شاری تلبیسەیان لە باكووری وڵاتەیان تۆپ باران كردوە ئەوەش لە حاڵێك دایە كە رۆژی جومعە لە خۆپێشاندانەكانی شارەكانی باشوور و لەوانە حومس، ١١ كەس كوژرابوون و سەدان كەسی دیكەش تریش بریندار ببوون. |

## مانگی جوونی ٢٠١١

| | | |
|---|---|---|
| ٥٦ | ١ی جوونی ٢٠١١ | تلویزیۆنی دەوڵەتی سوورییە پێشنیاری لێبوردنی گشتی ناڕازییان لە لایەن ئەسەدی سەركۆمارەوە بڵاو كردەوە. ئەم لیبوردنە رێكخراوی ئیخوان ئەلموسلمینیش دەگرێتەوە، ئەم لێبوردنە نەیتوانیوە شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵك دامركێنێ و توند و تیژییەكان لەو وڵاتە هەروا بەردەوامن. |
| ٥٧ | ١ی جوونی ٢٠١١ | هەواڵدەری ئاڵمان بڵاوی كردۆتەوە كە دوای ئەوەی سپای سوورییە هێرشیان كردۆتە سەر شارەكانی تەلبیسە و رەستەن، بۆ یەكەم جار بەرەورووی بەرگریی چەكداریی دانیشتوانی ئەم شارانە بوونەوە. |
| ٥٨ | ١ی جوونی ٢٠١١ | فراكسیۆنی حیزبوڵلا لە پارلمانی لوبنان رایگەیاند كە پشتیوانی لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سوورییە دەكا و بەو شێوەیە ئێستا هەموو بەرپرسانی پایەبەرزی حیزبوڵلا لە سەر پشتیوانی لە بەشار ئەسەد پێكەوە كۆكن. |
| ٥٩ | ٢ی جوونی ٢٠١١ | رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی سوورییە لە رۆژی سێشەممە ١٠ ی بانەمەرەوە دانیشتنی٣ رۆژەی خۆیان لە وڵاتی توركیە بۆ تاوتوێ كردنی بارودۆخی ئێستای سوورییە دەست پێ كردوە. بە گشتی لە گرووپە ئیسلامگەراكان و مەسیحییەكان پێك هاتوون كە لە دەیەكانی ٨٠ و ٩٠ ی زایینیدا بە هۆی فشار و سەركووتی دەوڵەتی سوورییەوە لەو وڵاتە دوورخراونەتەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٠ | ٣ی جوونی ٢٠١١ | وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هیلاری کلینتون دەڵێ کە کات بۆ "بەشار ئەسەد"، سەرۆک کۆماری سووریيە بۆ چاکسازی لەو وڵاتە تەواو بووە. هەروەها رەخنەی لە بێهەڵوێستیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتايبەت شوورای ئەمنيەت و يەکيەتيی وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بە رەفتارەکان حکومەتی سووریيە گرتوە. |
| ٦١ | ٥ی جوونی ٢٠١١ | لە درێژەی خۆپيشاندانەکان بە دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد، چالاکانی مافی مرۆڤ دەڵێن لە شاری حەما رۆژی هەينی دەيان هەزار خۆپيشاندەر هاتنە سەر شەقام و ٢٤ کەسيش بە تەقەی هێزە ئەمنيەتيەکان کوژران. |
| ٦٢ | ٦ی جوونی ٢٠١١ | دەزگای چاودێریی سووريیەيی بۆ مافەکانی مرۆڤ رايگەياندوە کە لە درانە بەر دەسرێژی خۆپيشاندانەکانی رۆژی يەکشەممەی سورييە تەنيا لە شاری جسر ئەلشەغورو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری ٣٨ کەس کوژراون. |
| ٦٣ | ٦ی جوونی ٢٠١١ | بە پێی هەواڵێکی "سانا"، ئاژانسی هەواڵی سووريیە عادل سەفەر، سەرۆک وەزیرانی سووريیە بڕياری دروستکردنی ليژنەيەکی بۆ ئامادەکردن و دارشتنەوەی ياسای نوێی حيزبە سياسيەکانی ئەو وڵاتە داوە. |
| ٦٤ | ٧ی جوونی ٢٠١١ | ئالێن ژووپە، وەزيری دەرەوەی فەرانسە دەڵێ کە بەشار ئەسەد بە سەرکوتی خوێناوی و توند و تيژی خۆپيشاندەرانی وڵاتەکەی چيدی مەشرووعيەتی بۆمانەوەی لە تروپکی دەسەڵاتی سووريەدا نەماوە. |
| ٦٥ | ٧ی جوونی ٢٠١١ | تەلەفزيۆنی رەسميی حکومەتی سووريیە لە هەواڵێک دا ئاشکرا کردوە کە نزيکەی ١٢٠ پۆليس و سەربازی سوری لە شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ نەيارانی حکومەت دا کوژراون. |
| ٦٦ | ٨ی جوونی ٢٠١١ | وەزيری کاروباری دەرەوەی فەرانسە دەڵی کە جێی سەرسووڕمانە کە شوڕای ئەمنييەتی رێکخراوی نەتەوە يەکگرتووەکان لە بەرابەر بارودۆخی سووريیە و کوشتاری خەڵکی ئەو وڵاتە لە لايەن رێژيمی بەشار ئەسەدەوە بێدەنگن . |
| ٦٧ | ٩ی جوونی ٢٠١١ | باری مارستون، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی بريتانيا، راپۆرتی رۆژنامەی "ديلی تيلگراف"ی پشتڕاست کردۆتەوە کە دەڵێ ئێران راستەوخۆ دەستی لە سەرکوتی خۆپێشاندەرانی سووريیە دا هەيە. |
| ٦٨ | ٩ی جوونی ٢٠١١ | سەرچاوەکانی دژبەری وڵاتی سووريیە چەند وێنەيەکيان لە هەندێ سەربازی ئەرتەشی سووريیە بڵاو کردۆتەوە کە تێيدا هێزە ئەمنييەتيەکان بە دانانی چەک و چۆڵ لە پەنای تەرمی کەسانی کووژراو لە خۆپيشاندانە نارەزايەتيەکان دەيانهەوێ ئيديعای شەڕەنگێزيی گرووپە چەکدارەکان بە هێز بکەن. |
| ٦٩ | ١٠ی جوونی ٢٠١١ | بە پێی هەواڵێکی راديۆ دۆيچەوەلە کۆميساريای بەرزی کاروباری پەنابەرانی نەتەوە يەکگرتووەکان رايگەياندووە کە لە دوو رۆژی رابردوودا، زياتر لە هەزار کەسی خەڵکی سووريیە ئاوديوی سنووری تورکيە کردوە و ژمارەی ئاوارەکانی ئۆردوگای "يايلاداغی" کە ئۆردوگای تايبەت بە پەنابەرانی سورييە لە تورکيەيە، گەيشتۆتە ١٦٠٠ کەس. |
| ٧٠ | ١١ی جوونی ٢٠١١ | ئاژانسی نێونەتەوەيی وزەی ناوکی رۆژی پێنجشەمە لە دانيشتنی خۆيدا و بە زۆرينەی دەنگ بڕياری دا کە پەروەندەی چالاکيە ناوەکيەکانی سووريیە بە هۆی ژێر پێخستنی ياساکانی نێونەتەوەيی بنێرێتە شۆرای ئەمنيەتی رێکخراوی نەتەوە يەکگرتووەکان . |
| ٧١ | ١٢ی جوونی ٢٠١١ | هێرشەکانی سووريیە بۆ سەر خۆپێشاندەران بەردەوامە و بە پێی ئاماری حکومەتی تورکيە ژمارەی پەنابەرانی سووری بۆ ئەم وڵاتە گەيشتۆتە ٤٣٠٠ کەس، هەرچەندە دەگوترێ کە ژمارەی راکردووان لەو وڵاتە زۆر لەم ژمارەيە زياترن. |
| ٧٢ | ١٢ی جوونی ٢٠١١ | کۆشکی سپی بە دەرکردنی راگەياندراوێک کوشتاری خەڵکی سووريیەی لە لايەن هێزە ئەمنيەتيەکانی ئەو وڵاتەوە بە توندی مەحکووم کرد .جارێکی ديکە پشتيوانی خۆی لە رەشنووسی بڕيارنامەی نوێی يەکيەتيی ئورووپا بۆ مەحکووم کردنی کردنی سەرکوتی نارازييان لە سووريیە، دەربڕيوە. |
| ٧٣ | ١٣ی جوونی ٢٠١١ | بە پێی راگەياندنی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەسپێکی نائاراميەکانی سووريەوە تا ئێستا زياتر لە ١٢٠٠ کەس لە خەڵکی سڤيل کوژراون و لانيکەم ٨ هەزار کەسيش لە لايەن هێزە نيزامی و ئەمنيەتيەکانەوە قۆڵبەست کراون. |
| ٧٤ | ١٣ی جوونی ٢٠١١ | هەوڵەکانی ئاڵمان، فەڕانسە، بريتانيا و پورتەغاڵ بۆ پەسندکرانی بڕيارنامەی شووڕای ئەمنيەت دژی سووريە، بە پێی بەراوردی ديپلۆماتەکان، لەوانەيە پێشنووسی ئەو بڕيارنامەيە حەوتووی داهاتوو بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام پێدەچێ کە رووسيە و چين بە دەنگی " نا"ی خۆيان دژايەتيی ئەو بڕيارنامەيە بکەن. |
| ٧٥ | ١٥ی جوونی ٢٠١١ | وەزيری دەرەوەی ئامريکا دەڵێ کە بە ديتنی وێنەکانی کوڕێکی ١٣ ساڵان لە سووريە و هەروەها ئەشکەنجەی هێزەنيزاميەکانی ئەو وڵاتە دنيا سەری سووڕ دەمێنێ.وێنەگەلێکی کە بيرهێنەرەوەی کچێکی لاوی ئێرانی وەک نەدای ئاقا سوڵتانە کە لە ٢ ساڵ لەمەوبەرلە شەقامەکانی تاران بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئيسلامی کووژرا. |
| ٧٦ | ١٥ی جوونی ٢٠١١ | چالاکانی سياسی باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی دەوڵەتی سووريیە لە نزيکی سنووری ئەو وڵاتە لە گەڵ تورکيە، هێرشيان کردۆتە سەر ئاواييەکانی هەڵکەوتوو لە رۆژهەڵاتی شاری جەسرەلشغوور.ئەرتەشی سووريیە رۆژی يەکشەمە کۆنترۆڵی ئەو شارەی گرتبۆ دەستی خۆيەوە کە ببۆ گۆرەپانی نەياری دەوڵەت. |
| ٧٧ | ١٦ی جوونی ٢٠١١ | بە پێی نوێترين راپۆرتەکانی رێکخراوی نەتەوە يەکگرتووەکان هێزە ئەمنيەتيەکانی سووريیە تا ئێستا ١٣٠٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی ئەو وڵاتەيان بە گولله و ئاگری کوشتوە. |
| ٧٨ | ١٧ی جوونی ٢٠١١ | بە پێی هەواڵێکی راديۆ "دەنگی ئازاديی ئەوروپا"، سپای سووريیە بە چەکی قورسەوە چوونەتە نێو شارەکانی "مەعارەت نوعمان" و "خان شەيخوون" لە باکووری رۆژئاوای ئەم وڵاتە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ژمارەيەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەو شارانە ماڵ و حاڵی خۆيان جێ بهێڵن و را بکەن. |
| ٧٩ | ١٨ی جوونی ٢٠١١ | هيلاری کلينتۆن وەزيری دەرەوەی ئەمريکا دەڵێ کە هەڵسووکەوتی بەشار ئەسەد سەرکۆماری سووريیە نيشان نادا کە رێگای چاکسازی هەڵبژێرێ و " بارۆدۆخی سياسيی سووريیە تازە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە". |
| ٨٠ | ٢٢ی جوونی ٢٠١١ | دوێنێ سێ شەممە ٢١ ی جۆزەردان دوای تێپەڕبوونی چەند مانگ لە دەسپێکی نارەزايەتيەکانی خەڵکی سووريیە، بەشار ئەسە سەرکۆماری ئەو وڵاتە بۆ جاری دووهەم لێبوردنی گشتی راگەياند. |
| ٨١ | ٢٢ی جوونی ٢٠١١ | دژبەرانی دەوڵەتی سووريیە کە هەر ئێستا لە تورکيەن دوای راگەياندنی بڕياری لێبوردنی گشتی بۆ دوويەم جار وتوويانە کە ئەو بەڵێنە بە جيددی نازانن و ئەوە بەشێک لە دارشتنی سناريۆيەکی بێ بنەما. |
| ٨٢ | ٢٣ی جوونی ٢٠١١ | بە پێی هەواڵێ هەواڵنێری فەڕانسە، سکرتێری گشتيی رێکخراوی نەتەوە يەکگرتوەکان رايگەياندوە کە سەرۆک کۆماری سووريیە ئەدی هيچ مەشرووعيەتێکی نەماوە و داوای لە ئەندامانی شووڕای ئەمنيەت کردوە کۆتايی بە ناکۆکيەکانی نێوان خۆيان لە سەر رێژيمی دەمشق بێنن. |
| ٨٣ | ٢٥ی جوونی ٢٠١١ | رۆژی جومعە، ٣ی پووشپەڕ بەهەزاران کەس لەشوێنە جياجياکانی سووريیە لە دژی بەشار ئەسەد و لە ژێر ناوی جومعەی رووخانی شەرعيەتی ئەسەد رژانە سەرشەقامەکان. بە پێی هەواڵی هەواڵدەريی فەڕانسە چاردە کەس راستەوخۆ بە گوللەی هێزە ئەمنيەتييەکان کوژراون و دەيان کەسی ديکەش برينداران. |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٤ | ٢٥ی جوونی ٢٠١١ | عەبدولحەلیم خەدام، جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری سووریيە و سەرۆکی بەرەی دوایيهێنانی نیشتیمانیی دەڵێ کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەم نزیکانە دەروخێ، چونکە خەڵکی سورییە پێداگری لە سەر بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان تا وەدیهاتنی مافەکانیان دەکەن. |
| ٨٥ | ٢٧ی جوونی ٢٠١١ | زیاتر لە ١٠٠ کەس لە کەسایەتیەکانی دژبەری دەسەڵات و هەر وەها کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران لە شاری دەمشق کۆبوونەوە و دوای باس و گفتوگۆکان داوای درێژە پێدان بە نارەزایەتیە ئاشتی خوازانەکانی خەڵکیان کرد. |
| ٨٦ | ٢٩ی جوونی ٢٠١١ | ڤیکتۆریا نولاند، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند کە باراک ئۆباما، پێشتر بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریيەی سەرپشک کردووە لەوەی کە لە نێوان سەرکردایەتیە چاکسازی لە وڵاتەکەی دا و وازهێنان لە دەسەڵات یەکیان هەڵ بژێرێ. |
| ٨٧ | ٣٠ی جوونی ٢٠١١ | بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی فەرانسە، جان برنان، لە کاتی راگەیاندنی ڕێگەچارەی نوێی ئامریکا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم، ناوی وڵاتانی ئێران و سووریەشی هێناو گوتی گرووپەکانی حیزبۆڵلا و حەماسیش لە ڕێکخراوە سەرەکیەکانی تیرۆریزم لە ناوچەو جیهان دان. |

## مانگی جوولای ٢٠١١

| | | |
|---|---|---|
| ٨٨ | ١ی جوولای ٢٠١١ | لە کاتێکدا کە خۆپیشاندانی نەیارانی دەسەڵات لە شارێکی ئیستراتێژیکی وەک حەلەب دەستی پێکردوە، هێزە ئەمنیەتیەکانی سووریيە لە ئاکامی عەمەلیاتێکی نیزامی و لە ماوەی ٢ رۆژ دا لانیکەم ١٢ کەسیان کوشتوە. |
| ٨٩ | ٣ی جوولای ٢٠١١ | بەشار ئەسەد، پارێزگاری پارێزگای "حەما"ی لە دوای بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانە بەرفراوانەکەی ئەو پارێزگایە لە سەر کار لابرد. |
| ٩٠ | ٤ی جوولای ٢٠١١ | وەزارەتی ئابووریی سوئیس ڕای گەیاند کە ٣١ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دۆلاری پێوەندیدار بە ڕێژیمی سووریيەی بلۆک کردوە. |
| ٩١ | ٥ی جوولای ٢٠١١ | رۆژی دووشەممە شاری حیماە کە یەکێک لە شارە گەورەکانی سورییەیە، مانگرتنێکی گشتگیریان بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە لابردنی پارێزگاری ئەم شارە وەرێ خست. |
| ٩٢ | ٦ی جوولای ٢٠١١ | ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک رەفتاری حکوومەتی سووریيە لەگەڵ دێموکراسیخوازانی وڵاتەکەی بە جینایەتی دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دا. |
| ٩٣ | ٦ی جوولای ٢٠١١ | دوای گەمارۆدانی شاری حەما لە لایەن هێزە نیزامیەکانی سووریيە و داخرانی تەواوی ڕێگاکانی هاتنە ژوورەوەی ئەو شارە لە لایەن تانکەکانی ئەو هێزانەوە، رۆژی سێ شەممە هێزە نیزامی و ئەمنیەتیەکانی سووریيە تەقەیان لە خەڵکی مەدەنیی نێو شار کرد و لانیکەم ١٠ کەسیان کوشت و دەیان کەسیشیان بریندار کرد. |
| ٩٤ | ٩ی جوولای ٢٠١١ | هەزاران کەس لە خەڵکی سووریيە رۆژی هەینی ١٧ ی پووشپەڕ لە شارەکانی دیمشق، حەماە، حەمس و چەند شاری دیکە رژانە سەر شەقامەکان و لانیەکەم ١٣ کەس لەوان بە هۆی تەقەی هێزە ئەمنیەتییەکانی سووریەوە کوژران. |
| ٩٥ | ٩ی جوولای ٢٠١١ | باڵیۆزی ئامریکا و فەرانسە لە سووریيە رۆژی هەینی بۆ بینینی رووداوەکان لە نزیکەوە چاویان بە شاری حەماە کەوت و دەوڵەتی سووریە ئەو کردەوەیەی بە دەستێوەردان لە کاروباری نێو خۆیی ئەو وڵاتە زانیوە، بەڵام دەوڵەتانی ئامریکا و سووریە رایان گەیاندوە کە باڵیۆزەکانیان بۆ "هاودەنگی لە گەڵ نارازیان" سەردانی شاری "حەماە"یان کردوە |
| ٩٦ | ١٠ی جوولای ٢٠١١ | بە پێی راپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ و لە زمان ١٢ سەرباز کە لە ئەرتەشی سووریە هەڵاتوون، زانراوە کە ئەگەر سەربازەکان خۆیان لە بریاری تەقە کردن لە خۆپیشاندەران بدزنەوە، لە گەڵ مەترسیی مەرگ رووبەڕوو دەبنەوە. |
| ٩٧ | ١٠ی جوولای ٢٠١١ | بە وتەی چالاکانی سیاسی و مافەکانی مرۆڤی سووریيە لە سەرەتای ئائارامیەکانی ئەو وڵاتەوە تا ئێستا، لانیکەم ١٦٠٠ کەس لە خۆپیشاندەران و ٣٥٠ کەس لە هێزە ئەمنیەتیەکان کووژراون. شایانی باسە کە دەوڵەتی سووریيە تا ئێستا هیچ هەوڵێکی بۆ چارەسەری قەیرانەکانی ئەو وڵاتە نەداوە. |
| ٩٨ | ١٢ی جوولای ٢٠١١ | هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە هەڵوێست گرتنێکی کەم وێنەدا لە کاتی دەستپێکردنی نارەزایەتیەکانی سووریيەوە وتی کە بەشار ئەسەد سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە مەشرووعییەتی خۆی لە دەست داوە. |
| ٩٩ | ١٥ی جوولای ٢٠١١ | لە دوای بانگهێشتی نەیارانی دەوڵەتی سووریيە بۆ مانگرتنی گشتی خەڵک، رۆژی پێنج شەممە شاری دەیرەلزوور لە رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە مانگرتنی بەرینی گشتی بەڕێوە برد. |
| ١٠٠ | ١٦ی جوولای ٢٠١١ | بە پێی راپۆرتی میدیاکان لە هەینی ئەوجارە دا کە بە هەینیی "دیلەکانی ئازادی" ناودێر کرابوو، لە چەند شارێکی سووریيە لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد خەڵکی رژانە سەر شەقامەکان و بەپێی زانیارییەکان لانیکەم ١٦ کەس بە تەقەی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو وڵاتە کوژراون. |
| ١٠١ | ١٨ی جوولای ٢٠١١ | رۆیتێرز لە زمانی خەڵکی دانیشتووی شاری ئەلبوو کەمال نووسیوێتی کە نزیکەی ١٠٠٠ کەس لە هێزە نیزامی و ئەمنیەتیەکان بە پشتیوانیی تانک و هێلی کۆپتێرەکانی ئەرتەش ئەو شارەیان گەمارۆ داوە. |
| ١٠٢ | ٢٢ی جوولای ٢٠١١ | چالاکانی مافی مرۆڤ باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی لایەنگری دەسەڵات لە رۆژی دووشەممەوە تا ئێستا ٢٠ کەسیان لە شاری حەمس ناوەندی نارەزایەتیەکانی کوشتوە کە ٧ کەسیان لە رێ ورەسمی ناشتنی تەرمی کووژراوان دابوون. |
| ١٠٣ | ٢٤ی جوولای ٢٠١١ | بەرپرسانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان باس لەوە دەکەن کە لەوانەیە هێزە ئەمنیەتیەکانی سووریيە بۆ سەرکوت کردنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ کاری دژە مرۆڤانەیان ئەنجام دابێ. |
| ١٠٤ | ٢٦ی جوولای ٢٠١١ | دەوڵەتی سووریيە دوابەدوای فشارەکانی خەڵکی نارازی ئەو وڵاتە، قانوونێکی تازەی بۆ حیزبەکان پەسەند کرد. بە پێی ئەو قانوونە، لەمەودوا لە وڵاتی سووریيە جیا لە حیزبی بەعس حیزبی دیکەش دەتوانن دابمەزرێن، بە مەرجێک کە رێبەری حیزبی بەعسی سووریيە و یاسای بنەرەتی ئەو وڵاتە قەبووڵ بکەن. |
| ١٠٥ | ٢٧ی جوولای ٢٠١١ | ناوەندی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە سووریيە ئاشکرای کرد کە هێزەکانی سپا و ئیتلاعاتی سووریيە لە کاتی هێرش کردنە سەر شارەدێی کەناکر ١١ کەسیان کوشتوە. |
| ١٠٦ | ٢٧ی جوولای ٢٠١١ | بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری فەرانسە لە واشنگتۆنەوە، دوابەدوای کووشتنی منداڵێکی ١٢ ساڵەیەی سووریيەیی بە دەستی هێزە نیزامیەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ئەرتەشی سووریيەی بە ئەنجامی کردەوەگەلی وەحشیانە تاوانبار کرد. |
| ١٠٧ | ٢٧ی جوولای ٢٠١١ | وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راگەیەندراوەکەیدا هێناویەتی کە بەشار ئەسەد دەبێ بزانێ نە تەنیا مانەوەی ئەو لە دەسەڵاتدا پێویست نیە، بەڵکوو تەنانەت مانەوەی ناوبراو هۆکاری ناسەقامگیری لەو وڵاتە دایە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٨ | ٢٨ی جوولای ٢٠١١ | دیپلۆماتێکی پایەبەرزی ئامریکا دەڵێ کە بەشار ئەسەد ئێستا لە هەموو کاتێک تەنیاترەو لە هەموو دۆستانی پێشووی تەنیا ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانی بە دەورەوە ماوە. |
| ١٠٩ | ٢٨ی جوولای ٢٠١١ | جیفری فلتمەن، جێگری وەزیری دەرەوەی ئامریکا و شارەزا لە کاروباری رۆژهەڵاتی نیزیک لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی دەرەوەی مەجلیسی نوێنەرانی ئامریکادا دەوڵەتی سوورییەی بەوە تاوانبار کرد کە یارمەتیی فەننی و ماڵیی لە ئێران بۆ سەرکوتی نارازییانی وڵاتەکەی وەرگرتوە. |
| ١١٠ | ٣٠ی جوولای ٢٠١١ | هەزاران کەس لە خەڵکی سوورییە بۆ حەڤدەیەمین هەینی دوای لە سەر یەک هاتنە سەر شەقامەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە و دیسان داوای لاچوونی بەشار ئەسەدیان لە دەسەڵاتی وڵاتەکەیان کرد.چالاکانی سیاسی دژ بە دەوڵەتی بەشار ئەسەد دەڵێن کە لانیکەم۴ کەس لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانەوە کوژراون. |

## مانگی ئاگوستی ٢٠١١

| | | |
|---|---|---|
| ١١١ | ١ی ئاگوستی ٢٠١١ | رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی سوورییە لە دوایین راپۆرتی خۆیدا ڕێژەی کەسانی کووژراو لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتەی لە رۆژی یەکشەممەدا ١٢١ کەس راگەیاند. |
| ١١٢ | ٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | فێر فیگارۆ، چاپ و بڵاوکراوەی رۆژنامەی بەیانیی پاریس نووسیویەتی کە کاری رێژیمی بەشار ئەسەد کۆتایی پێ هاتوە و ئیدی دەبێ کۆی کاتەوە. |
| ١١٣ | ٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | بە وتەی چالاکێکی سووری، رێژیمی ئەسەد یەک رۆژ پێش هاتنی مانگی رەمەزان ئەم سەرکوتە خوێناوییە دەکاو تەنانەت هێرش دەکرێتە سەر مزگەوتەکانیش بۆ ئەوەی کە شەڕی ئایینی لە نێوخۆی سوورییەدا هەڵایسێنێ. |
| ١١٤ | ٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | سۆزان رایس، نوێنەری ئامریکا لە رێکخراوی نێونەتەوەیی دەڵێ راپۆرتێک کە لە بارەی بارودۆخی سوورییە بڵاو بۆتەوە، زۆر مەترسیدار و جێی نیگەرانیی زۆربەی ئەندامانی شووڕای ئەمنئەت بووە. |
| ١١٥ | ٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | دوابەدوای سەرکوتی خوێناوی خەڵکی نارازیی شاری حەما لە لایەن حکومەتی سوورییەوە، یەکیەتیی ئورووپا رایگەیاند کە گەمارۆگەلێکی زیاتر دەخاتە سەر ئەو وڵاتە. |
| ١١٦ | ٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | بە پێی راپۆرتی دەنگی ئەمریکا، ئێستێفان هارپێر، سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی فێدراڵی کانادا بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێک، کردەوە توندوتیژییانەکانی هێزە ئەمنیەتیەکان و ئەرتەشی سوورییەی مەحکووم بە شتێکی زۆر ناحەز و دزێو وەسف کرد. |
| ١١٧ | ٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | نوێنەری ئاڵمان لە شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دانیشتنی بە پەلەی پازدە وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەو شوورایەی بۆ باس لە سەر رووداوەکانی سورییە کردوە. |
| ١١٨ | ٣ی ئاگوستی ٢٠١١ | بان کی مۆن، سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێ کە بەشار ئەسەد، سەرکۆماری سوورییە هەستی مرۆڤایەتیی خۆی لە دەست داوە، ئەو دەبێ گوێڕایەڵی داواکانی کۆمەڵگای جیهانی بە تایبەت خواست و هیواکانی خەڵکی سوورییە بێ. |
| ١١٩ | ٣ی ئاگوستی ٢٠١١ | رادیۆ ئاڵمان لە راپۆرتێکدا رایگەیاند کە بە زیاتر بوونی توندوتیژی و فشارەکانی دەسەڵاتی سوورییە لە سەرکوتی خەڵکی نارازی، کە بە تایبەتی لە هێرشی ئەرتەشی سوورییە بۆ سەر شاری حەما لە بەرەبەری مانگی رەمەزاندا زیاتر پەرەی سەندوە، |
| ١٢١ | ٣ی ئاگوستی ٢٠١١ | گەمارۆ نوێیەکانی یەکیەتیی ئورووپاله دژی حکومەتی بەشار ئەسەد راگەیەنرا. لەو گەمارۆیانە دا ناوی پێنج کەسی دیکە لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی سوورییە بەو لیستە زیاد کراون. |
| ١٢٢ | ۴ی ئاگوستی ٢٠١١ | دوای زیاتر بوونی شەپۆلی توندوتیژییەکانی دەوڵەتی سوورییە سێ کەس لە سێناتۆرەکانی دەس رۆیشتووی ئەمریکایی گەڵاڵەیەکیان بە سێنا پێشنیار کردوە و داوای خستنی گەمارۆگەلێکی زیاتر بۆ سەر سوورییە کردوە. |
| ١٢٣ | ۵ی ئاگوستی ٢٠١١ | هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئامریکا دەڵێ کە حکومەتی بەشار ئەسەد بەرپرسی کوژرانی لانیکەم دوو هەزار کەسە کە لە پێنج مانگی رابردوودا و لە ئاکامی خۆپێشاندانەکانی ئەم وڵاتەدا گیانیان لە دەست داوە و ئەم حکومەتە شەرعییەتی نەماوە. |
| ١٢٤ | ۵ی ئاگوستی ٢٠١١ | وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا دەڵێ کە محەممەد حەمشۆ کە ٢٠ کۆمپانیای هەیە و لە هەموو بوارە ئابوورییەکانی سوورییەدا چالاکە، پشتیوانی لە سەرکوت کردنی خۆپێشاندەران دەکا و لەگەڵ بەشار ئەسەد و ماهر ئەسەدی برای، پێوەندیی زۆر نیزیکی هەیە.سزادراوە. |
| ١٢٥ | ۵ی ئاگوستی ٢٠١١ | هێزە ئەمنیەتییەکانی سوورییە لە دەسترێژ کردن لە خۆپیشاندەرانی نارازی بەردەوامن، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە خەڵکی سوورییەش درێژە بە خۆپیشاندانەکانیان بۆ روخاندنی رێژیمی بەشار ئەسەد دەدەن. بە پێی راپۆرتی دەنگی ئامریکا لە سەر زاری شایەتحاڵەکان هێزە ئەمنیەتییەکانی سورییە رۆژی هەینیش ٨ کەس لە خۆپیشاندەرانیان کوشت و دەیان کەسیشیان بریندار کرد. |
| ١٢٦ | ۵ی ئاگوستی ٢٠١١ | پۆلیسی تورکیە جارێکی دیکە دەستی بە سەر کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی دا گرتوە کە لە ئێرانەوە بەرەو سوورییە بەڕێ کرابوو و بەپێی بڕیار دەبوا بگەیەنرێتە دەستی حیزبوڵای لوبنان. |
| ١٢٧ | ۶ی ئاگوستی ٢٠١١ | کۆشکی سپی لە راگەیەندراوێکدا وتی کە باراک ئۆباما، سەرکۆماری ئەمریکا، دوێنێ هەینی لە گەڵ نیکۆلا سارکوزی و ئانگێلا مێرکێل، سەرکۆمارانی فەڕانسە و ئاڵمان ، لە بارەی دوایین گۆڕانەکان لە بواری قەیرانەکانی ئێستای یۆرۆ و هەروەها نائارامیەکانی سوورییە وتووێژی کردوە. |
| ١٢٨ | ۶ی ئاگوستی ٢٠١١ | بە پێی هەواڵی ڕادیۆ فەڕانسە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کردوە کە هیزە تایبەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و چەکدارانی تاقمی تێرۆریستی حیزبوڵای لوبنان دەورێکی سەرەکیان لە ئێعدامی ئەو سەربازە و ئەفسەرە نارازییانەی سوورییە هەیە کە ئامادە نین لە سەرکوت و کوشتاری خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە دا بەشداری بکەن. |
| ١٢٩ | ٧ی ئاگوستی ٢٠١١ | دیمیتری راگۆزین، نوێنەری هەمیشەیی رووسیە لە بنکەی ناتۆ لە ئێستاوە گەڵاڵەی هێرشی نیزامی بۆ سەر سوورییە داڕشتوە کە لەوێدا تێکهەڵچوونەکانی نێوان ئەرتەش و نەیارانی دەسەڵات بۆتە هۆی کوژرانی کەسانێکی زۆر لە خەڵکی سڤیلی ئەو وڵاتە. |
| ١٣٠ | ٧ی ئاگوستی ٢٠١١ | ئەحمەد داود ئوغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیە هەواڵی رۆژنامەیەکی ئاڵمانی لە بارەی دەستبەسەرداگرتنی بارێکی چەک و چۆڵی ئێران لەو وڵاتە پشتڕاست کردەوە کە قەرار بوو لە سنووری تورکیەوە بەرەو سوورییە بچێ. |
| ١٣١ | ٧ی ئاگوستی ٢٠١١ | شوورای هاوکاریی شەش وڵاتی کەنداو رۆژی شەممە بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و تێیدا داوایان کردوە کە دەستبەجێ توندوتیژییەکان کۆتاییان پێ بێ و هەروەها داوایان لە حکومەتی سوورییە کردوە کە چاکسازی بە کردەوە بگرێتە بەر. |
| ١٣٢ | ٨ی ئاگوستی ٢٠١١ | محەمەد سالم ئەلسوباح، وەزیری دەرەوەی کووەیت رۆژی دووشەممە رای گەیاند کە وڵاتەکەی باڵوێزی خۆی لە سورییەی بە مەبەستی راوێژ کردن بانگ کردۆتەوە. ناوبراو |

| | | |
|---|---|---|
| | | هەروەها گوتی کە بەم زووانە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی کەنداو بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی سوورییە کۆ دەبنەوە. |
| ١٣٣ | ٨ی ئاگوستی ٢٠١١ | کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن کە هێزەکانی حکومەت بە پاڵپشتیی ماشێنی زرێپۆشەوە لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەوە دەستیان بە پەلاماردانی شاری دێر ئەلزور کردوە و لانیکەم ٤٢ کەسیان لە خەڵکی ئەو شارە کوشتوە و لە شالاوێکی دیکەی نیزامیا بۆ سەر ناوچەی دۆڵی حولەی پارێزگای حومسیشدا لانیکەم ١٣ کەسی دیکەیان کوشتوە. |
| ١٣٤ | ٩ی ئاگوستی ٢٠١١ | ئەحمەد داوود ئۆغلوو، وەزیری دەرەوەی تورکیە، کە قەرارە ئەمڕۆ سێشەممە بۆ وڵاتی سوورییە سەفەر بکا، دەیهەوێ بۆ دوایین جار ئەسەد وریا بکاتەوە کە لەوە زیاتر ناتوانێ بە شێوەیەکی توندوتیژو شەڕخوازانە لەگەڵ خەڵکەکەت هەلسوکەوت بکا. |
| ١٣٥ | ١٠ی ئاگوستی ٢٠١١ | چاوەڕوان دەکرێ شووڕای ئەمنیەت جارێکی دیکەش وتوێژەکانی بۆ باس لە سەر بارودۆخی سوورییە دەست پێ بکاتەوە. ئەو کۆبوونەوەیەی شووڕای ئەمنیەت دوای ئەوە دێ کە حەوتوویەک لەوە پێش بەیاننامەیەک توند بە دژی سورییە لە لایەن ئەو شووڕایەوە بڵاو کرایەوە و تێیدا سەرکۆنەی دەسەڵاتدارانی سوورییە سەبارەت بە سەرکوتی خۆپیشاندەرانی ئەو وڵاتە کرابوو. |
| ١٣٦ | ١١ی ئاگوستی ٢٠١١ | سەرەڕای زۆربوونی فشارە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر سوورییە، بەڵام ڕەوتی سەرکوتەکان لەو وڵاتە هەروا بەردەوامن. گروپەکانی لایەنگری مافەکانی مرۆڤ دەڵێن کە ڕۆژی چوارشەممە دوای هاتنە ژووری هێزە ئەمنیەتیەکان بۆ شاری حەمس لانیکەم ١٢ کەس کوژراون و هەروەها دوای چوونی تانکەکان بۆ نێو ئاواییەکانی نزیک سنووری تورکیە، لانیکەم کەسێک کوژراوە و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون. |
| ١٣٧ | ١١ی ئاگوستی ٢٠١١ | درێژەدانی سیاسەتی سەرکوتی بەشار ئەسەد، بۆتە هۆی ئەوەی کە دیمیتری مێدۆف، سەرکۆماری ڕووسیەش سەبارەت بە ئەگەری هێرشی ناتۆ بۆسەر سوریە قسە بکا. |
| ١٣٨ | ١١ی ئاگوستی ٢٠١١ | عەلائەدین بروجێردی، سەرۆکی کومیسیۆنی ئەمنیەتی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە قاهیرە ئیدیعای کرد کە ئامریکا گەورەترین پایگای خۆی کە میسر لە ناوچە دا لەدەست داوە، هەر بۆیە لە هەوڵ دایە کە حکوومەتی سوریە تێکەوە پێچێ. |
| ١٣٩ | ١١ی ئاگوستی ٢٠١١ | وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا ڕایگەیاند کە بانکی تجارەتی سوورییە، گەورەترین بانکی دەوڵەتی ئەو وڵاتە دەخاتە لیستی گەمارۆکانی خۆیەوە. |
| ١٤٠ | ١٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | بە پێی هەواڵێکی بی‌بی‌سی کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە کەئۆباما و ئەردۆغان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە سەر پێویستیی "ڕاگرتنی کوشتاری خۆپێشاندەرانی سوورییە" وتووێژیان کردوە و هەردوولا کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە سوورییە دەبێ بە ڕێڕەوی دیموکراسیدا تێ بپەڕێ. |
| ١٤١ | ١٢ی ئاگوستی ٢٠١١ | ئامریکا و هاوپەیمانانی هەوڵ دەدەن شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان هان بدەن کە سزای ئابووری و سیاسی بە سەر سوورییە دا بسەپێنێ، بەڵام روسیە و چین وەک دوو ئەندامی هەمیشەیی و هیندوستان و برێزیل و ئافریقای باشوور، وەک ئەندامانی کاتیی شووڕای ئەمنیەت دژی ئەو هەوڵانەن. |
| ١٤٢ | ١٤ی ئاگوستی ٢٠١١ | ئێران بۆ سازکردنی پایەگایەکی نیزامی لە فڕۆکەخانەی شاری لازقیەی سوورییە، ٢٣ ملیۆن دۆلار سەرمایە دادەنێ. بە وتەی بەرپرسانی ئەمنیەتی ڕۆژئاوا، گەلاڵەی ئەو پایەگا نیزامیە بە مەبەستی ئاسان کردنەوەی ناردنی چەک و چۆڵی ئێران بۆ سوورییە داڕێژراوە |
| ١٤٣ | ١٤ی ئاگوستی ٢٠١١ | لە درێژەی سەرکوتی بەربڵاوی خەڵکی ناڕازی لە سوورییە، شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتوەکان دیسانیش لە کۆتایی ئەو حەوتوویەدا بۆ باس کردن لە سەر بارودۆخی سورییە کۆ دەبێتەوە. |
| ١٤٤ | ١٤ی ئاگوستی ٢٠١١ | کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژ باراک ئۆباما، سەرکۆماری ئامریکا لەگەڵ دیوید کامێرون، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و مەلەک عەبدوڵڵا، پادشای عەرەبستان لەبارەی بارودۆخی سوورییە وتوێژیان کردوە. |
| ١٤٥ | ١٤ی ئاگوستی ٢٠١١ | بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی فڕانس پرێس حکومەتی ئامریکا داوای لە وڵاتانی ئوروپایی، عەرەبی و بەتایبەت ڕوسیە و چین کردووە کە لەو هەوڵە نێودەوڵەتییەی بۆ فشار خستنە سەر ڕژیمی بەعسی سوورییە دەستی پێ کردوە، بەشداری چالاکانە بکەن. |
| ١٤٦ | ١٤ی ئاگوستی ٢٠١١ | سپای سوورییە هێرشە نیزامییەکانی خۆی بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان پەرە پێداوە و لە عەمەلیاتێکی تازە دا هێزێکی نیزامیی پۆشتە بە پشتیوانیی تانک و زرێپۆش هێرشی کردۆتە سەر شاری لازقیەی لە ڕۆژئاوای ئەوە وڵاتە. |
| ١٤٧ | ١٥ی ئاگوستی ٢٠١١ | هێزەکانی حکومەتی سوورییە پەرەیان بە سەرکوت کردنی بێ بەزەییانەی خۆپیشاندەرانی ئەو وڵاتە داوە و ڕۆژی یەکشەممە پاپۆڕ و بەلەمەکانی سپای سوورییە بە دۆشکە لە دەریاوە تەقەیان لە گەڕەکەکانی سەر کەناری لازقییە کردوە. چالاکانی مافی مرۆڤی سوورییە دەڵێن کە لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژدا لانیکەم ٢٢ کەسی دیکەش لەو شارە کوژراون. |
| ١٤٨ | ١٥ی ئاگوستی ٢٠١١ | هەواڵنێری فەڕانسە لە ڕاپۆرتێکدا لە زمان لێکۆڵەرانی سیاسی نووسیوێتی کە دەوڵەتی نووری مالیکی لە عێراق بە هۆی پشتیوانی ڕێژیمی ئێران لە بەشار ئەسەد، لە بەرامبەر سەرکوتی خوێناوی نەیارانی دەسەڵاتی سوورییە سیاسەتی بێدەنگە لێ کردنی گرتۆتە بەر. |
| ١٤٩ | ١٦ی ئاگوستی ٢٠١١ | چاوپێکەوتنی مەلیک عەبدوڵڵا و سەرکۆماری تورکیە لە سەر قەیرانەکانی سوورییە ،مەلیک عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز، پاشای سعوودی لە چاوپێکەوتن لە گەڵ عەبدوڵڵا گول سەرکۆماری سوورییە لە شاری جەدەی عەرەبستان قەیرانەکانی سوورییەیان تاوتوێ کرد. |
| ١٥٠ | ٢٠ی ئاگوستی ٢٠١١ | چالاکانی سووری دەڵێن کە بە دەیان هەزار کەس لە بەشدارانی نوێژی هەینی لە شارە جیاوازەکانی سوورییە دوای بەڕیوەچوونی نوێژی هەینی خۆپیشاندانیان ساز کردوە و لە ئاکامی تەقەی هێزە ئەمنیەتیەکان بۆ سەر نەیارانی دەسەڵات لانیکەم ٣٢ کەسی دیکە کوژراون . |
| ١٥١ | ٢٠ی ئاگوستی ٢٠١١ | کاترین ئەشتۆن، بەرپرسی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا باسی پێکهاتن و ڕێککەوتنی وڵاتانی ئەندام لەو یەکیەتیە بۆ بەربڵاوترکردنی گەمارۆکانی سەر سوورییە کرد. |
| ١٥٢ | ٢١ی ئاگوستی ٢٠١١ | ڕۆژی شەممە ٢٩ ی گەلاوێژ ڕێبەرانی ناڕازیی حکوومەتی سوورییە بۆ باس لە سەر ڕووداوەکانی دوای ئەگەر ڕووخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد و دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە تورکیە کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەیە دا ئەندامانی شورایەک هەڵ بژێردران کە وتەبێژیی دژبەرانی حکوومەتی سوورییە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیان لە ئەستۆ دەبێ. |
| ١٥٣ | ٢٣ی ئاگوستی ٢٠١١ | شورای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان بە بانگهێشتی دەیان وڵاتی عەرەبی و وڵاتانی وەک ئوردۆن، کووێیت، قەتەرو عەرەبستانی سعوودی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە ژێنێو بۆ تاوتوێ کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە سوورییە پێک هێنا. |
| ١٥٤ | ٢٣ی ئاگوستی ٢٠١١ | بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سوورییە لە وتووێژێکی تلێڤزیۆنیدا ڕایگەیاند کە نائارامییەکانی وڵاتەکەی خەریکە بەرەو عەمەلیاتی چەکداری دەڕوا. ناوبراو ئیدیعای کرد کە بارودۆخەکەی لە ژێر چاوەدێری دایە و هەڕەشەی لە وڵاتانی بیانی کرد کە بیر لە عەمەلیاتی نیزامی دژی دەوڵەتەکەی نەکاتەوە. |
| ١٥٥ | ٢٤ی ئاگوستی ٢٠١١ | ئامریکا و یەکیەتیی ئورووپا بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی بڕیارنامەیەک داوایان لە شوورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کە گەمارۆکانی سەر بەشار ئەسەد زیاتر بکا و چەند کەسی دیکە لە بەرپرسە پایەبەرزەکانی سوورییە بخاتە لیستی ڕەشی گەمارۆکانەوە. |
| ١٥٦ | ٢٥ی ئاگوستی ٢٠١١ | بە پێی زانیارییە بڵاوکراوەکان ئەو هێزە نیزامییە کە لە ٢٠ تا ٣٠ تانک و زرێپۆش پێکهاتبوون، هێرشیان کردۆتە سەر شارۆچکەی مەیادین و گوندی برهامە و وێڕای |

| | | |
|---|---|---|
| | | کوشتنی کەسێک و دەستگیرکردنی خەڵکی ناوچەکە، سەربازەکان دەستیان بەتاڵان کردنی ماڵی هاوڵاتیان کردووە. |
| ١٥٧ | ٢٥ی ئاگوستی ٢٠١١ | شووڕای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان رۆژی چوارشەممە سەرەڕای دژایەتی رووسیە، چین و کووبا، لێکۆڵینەوەیەکی بەرینی لە سەر ئەنجامدانی کارەساتی مرۆڤایەتیی لە سووریيە دەست پێکرد. ئەو لێکۆڵینەوانە لە کاتیکدا دەست پێ دەکەن کە رۆژی سێ شەممە لە درێژەی هێرشی هێزە ئەمنیەتییەکانی سووریيە تەنیا لە شاری دەیرەلزوور ٣٠٠ کەس قۆڵبەست کراون. |
| ١٥٨ | ٢٥ی ئاگوستی ٢٠١١ | چاوەدێرانی سیاسیی لەو بڕوایەدان چاوپێکەوتنی باڵیۆزی ئەمریکا لە ناوچەی بەلەدە بەرپرسانی سووریيەی زۆر تووڕە کردوە و ئەو چاو پێکەوتنە ئەو دەرفەتە بۆ باڵیۆزی ئەمریکا دەڕەخسێنێ کە ئەو ڕووداوانە بگەیەنێتە گوێی بەرپرسانی ئەمریکا و شووڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان. |
| ١٥٩ | ٢٦ی ئاگوستی ٢٠١١ | هەر دوو وڵاتی رووسیە و چین لە دژی بڕیارنامەی ئەمریکا و ئورووپا بۆ سزادانی حکوومەتی سووریيە و پشتیوانی لە خۆپیشاندەران وەستانەوە و هەڵوێستیان گرت. رووسیە و چین لە مانگی رابردووش، جارێکی دیکە دژایەتی خۆیان لەگەڵ سزادانی حکوومەتەکەی ئەسەد و ئیدانە کردنی کوشتن و سەرکوتی خۆپیشاندەرانی سووریيە راگەیاندبوو. |
| ١٦٠ | ٢٦ی ئاگوستی ٢٠١١ | راگەیاندنی پێکهاتنی شووڕای میللی سووریيە بۆ روخاندنی بەشار ئەسەد، لە دانیشتنی رۆژی شەممە ٢٩ی گەلاوێژدا لە ٣٥٠ کەس لە نەیارانی دەوڵەتی سووریيە تێیدا بەشدار بوون لایەنەکان رایانگەیاند کە تا کۆتایی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد خۆیان لە ناکۆکیيە ئیدئۆلۆژیکەکان بە دوور دەگرن و چاوی خۆیانی لێ دادەپۆشن. |
| ١٦١ | ٢٧ی ئاگوستی ٢٠١١ | راگەیەنە ئورووپایی و ئامریکاییەکان و هێندێک لە ناوەندە دیپلۆماتیکەکان باس لە چوونەسەرێی یارمەتیە ماڵییەکانی ئێران بۆ سووریيە بۆ کەمکردنەوەی سزا ئابووریەکانی رۆژئاوا دژی ئەو وڵاتە دەکەن. لەو پێوەندییە دا باس لەوە دەکرێ کە ئێران ٦ میلیارد دۆلاری یارمەتی بە بەشار ئەسەد کردوە، بەڵام ئەدیب میالە، بەرپرسی بانکی ناوەندیی سووریيە لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەریی فەرانسە ئەم هەواڵەی رەد کردەوە. |
| ١٦٢ | ٢٧ی ئاگوستی ٢٠١١ | لە حاڵێک دا کە ئورووپاو ئامریکا رۆژی هەینی لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە رەشنووسی بڕیارنامەی دژی سووریيە بە ئاکام بگەیەنن، بەڵام وڵاتانی رووسیە و چین بە توندی دژی ئەو بڕیارنامەیە وەستانەوە. |
| ١٦٣ | ٢٧ی ئاگوستی ٢٠١١ | لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا وڵاتانی ناوچە بە روونی هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆیان بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی سووریيە بەروونی نەخستۆتەروو، بەڵام سەمیر سومەیدعی، باڵوێزی عێراق لە واشنگتۆن دەڵێ کە بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریيە خەریکە دەڕووخێ و بەروخانی دەوڵەتی سوریيەش بە تەواوی هاوسەنگی هێز لە ناوچە دەگۆڕدرێ. |
| ١٦٤ | ٢٨ی ئاگوستی ٢٠١١ | رۆژی هەینی، چالاکان و گروپەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ رایان گەیاندبوو کە هێزە ئەمنیەتییەکان لە ناوچەکانی دوما لە دەوروبەری دەمشق، پاریزگای دەرعا لە باشوور و شاری دیرالزور لە رۆژهەڵات تەقەیان لە نارازیان کردوە و لە ئاکامدا ٣ کەس کوژراون. |
| ١٦٥ | ٢٨ی ئاگوستی ٢٠١١ | رووسیە پێشنیاری رەشنووسی بڕیارنامەیەکی بە شووڕای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە کە لەودا داوا لە دەوڵەتی ئەسەد کراوە کە کۆتایی بە سەرکوت کردنی نارازیان بێنێ، بەڵام ئاماژەی بە گەمارۆکانی ئامریکا و وڵاتانی ئورووپایی دژی سووریيە نەکردوە. |
| ١٦٦ | ٢٨ی ئاگوستی ٢٠١١ | وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی ئەکبەر ساڵحی وێڕای بانگهێشتی ئەسەد بۆ وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە، لە پێوەندی لەگەڵ دەرەنجامەکانی "چاوەڕوان نەکراو"و "بۆشاییەکی دەسەڵات" لە مەترسی رووخانی دەوڵەتی سووریيە، ئەسەدی وریا کردەوە. |
| ١٦٧ | ٢٨ی ئاگوستی ٢٠١١ | زۆربەی کارناسانی سیاسی پێیان وایە کە قوڵبوونەوەی قەیرانی دەسەڵات لە سووریيە ترس و نیگەرانیی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست کردوە، هەر بۆیەش لە هەر رێیەک کە بۆی بکرێ هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد دەدا. |
| ١٦٨ | ٣٠ی ئاگوستی ٢٠١١ | رامین مێهمانپەرەست، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بە بڕیارنامەی یەکیەتیی ئورووپا دژی ئێران و گەمارۆ خستنە سەر سپای "قودس" ی سپای پاسداران ئیدیعا دەکا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ چەشنە هاوکارییەکی رێژیمی بەشار ئەسەدی نەکردوە. |
| ١٦٩ | ٣١ی ئاگوستی ٢٠١١ | وەزارەتی دارایی ئامریکا ناوی وەزیری دەرەوەی سووریيە و دوو گەورە بەرپرسی دیکەی حکوومەتی بەشار ئەسەدی خستە ریزی سزاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە وتەبێژی بەشار ئەسەد و باڵیۆزی سووریيە لە لوبنان ئەو دوو کاربەدستەی دیکەن کە خراونەتەوە لیستی سزاکانی واشنتگۆنەوە. |

سەرچاوە : ماڵپەرەکانی کوردستان و کورد و حدک میدیا

